# Conference Brief (In Kurdish Language)

<table>
<tr>
<td>پێنجەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ تەلارسازی و دیزاینی ناوەوە<br>هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق</td>
<td>Title of the Conference (in Kurdish)</td>
</tr>
<tr>
<td>گۆڕانکاری و خۆڕاگری لە سەدەی بیست و یەکەمدا</td>
<td>Theme(s) of the Conference (in Kurdish)</td>
</tr>
<tr>
<td>٢٨-٢٩ی نیسانی ٢٠٢٦ - زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک</td>
<td>Date & Venue of the Conference (in Kurdish)</td>
</tr>
<tr>
<td>کۆنفرانسەکە ژمارەیەک ئەنجامی گرنگی ئەکادیمی و پیشەیی بەدەستهێنا، لەوانەش:
<ul>
<li>دابینکردنی سەکۆیەکی نێودەوڵەتی بۆ توێژەران، ئەکادیمییان و پسپۆڕان بۆ گۆڕینەوەی زانیاری لە بواری تەلارسازی، دیزاینی ناوخۆ، بەردەوامی، و گەشەپێدانی شارستانی بەهێز و خۆڕاگر .</li>
<li>پێشکەشکردنی دۆزینەوە و ئەنجامەکانی نوێترین توێژینەوەکان پەیوەست بە تەلارسازی وەڵامدەرەوەی گۆڕانی کەشو هەوا، پاراستنی میراتی کەلتووری، تەکنەلۆژییە زیرەکەکان، و دیزاینی بەردەوام .</li>
<li>بەهێزکردنی هاوکاریی ئەکادیمی نێوان زانکۆ و دامەزراوە توێژینەوەییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان .</li>
<li>هاندانی توێژینەوەی هاوبەشی بوارە جیاوازەکان و نوێگەری لە بواری تەلارسازی و ژینگەی دروستکراو .</li>
<li>بڵاوکردنەوەی وتارە وەرگیراوە هاوسەنگاندراوەکان (peer-reviewed) لە کۆبەندی کۆنفرانس و پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکانی ئیندێکسکردن .</li>
<li>پەرەپێدانی هاوبەشییەکانی داهاتووی توێژینەوە و تۆڕسازیی زانستی لەنێوان بەشداربووواندا .</li>
<li>بەهێزکردنی هاوکاری نێوان دامەزراوە ئەکادیمییە حکومی و تایبەتەکان لە بواری تەلارسازی و بوارە پەیوەندیدارەکاندا.</li>
</ul></td>
<td>Main Outcomes of the Conference (in Kurdish)</td>
</tr>
<tr>
<td>کۆنفرانسەکە ئەم پێشنیارانە دەکات:
<ul>
<li>پشتگیریکردن لە توێژینەوەی زانستی پەیوەست بە تەلارسازیی بەردەوام، خۆڕاگریی شارستانی، و دیزاینی ژینگەیی .</li>
<li>هاندانی زانکۆکان بۆ بەهێزکردنی هاوکاریی ئەکادیمیی نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی پرۆژە هاوبەشەکانی توێژینەوە .</li>
<li>زیادکردنی پشتگیریی حکومەت بۆ پاراستنی میراتی کەلتووری و بەکارهێنانی نوێی بینا کلاسیکی و نەریتییەکان .</li>
<li>تێکەڵکردنی تەکنەلۆژییە دیجیتاڵییەکان، ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد(AI) ، و سیستەمە زیرەکەکان لە پەروەردەی تەلارسازی و کارە پیشەییەکاندا .</li>
<li>بەهێزکردنی بەشداریی خوێندکاران و توێژەرانی گەنج لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی .</li>
<li>پشتگیریکردن لە دەرفەتی بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە ئیندێکسکراوەکان و بنکە زانستییە نێودەوڵەتییەکان .</li>
<li>پەرەپێدانی ستراتیژییەکانی دیزاینی وەڵامدەرەوەی ژینگە و کەمخەرجیی وزە لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی شارستانی .</li>
<li>هاندانی هاوکاری نێوان زانکۆکان، دامەزراوە حکومییەکان، و کەرتی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاوچەرخەکانی شارستانی .</li>
</ul></td>
<td>Main Recommendations of the Conference (in Kurdish)</td>
</tr>
</table>

# Conference Brief (In Kurdish Language)

- دامەزراندنی گۆڤارێکی تایبەت بە تەلارسازی بۆ تۆمارکردنی توێژینەوە ناوچەییەکان و بەرزکردنەوەی زانیاریی دیزاینی نوێگەرانە.

## Concise Summary of the Conference (in Kurdish)

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ICAD 2026 وەک یەکێک لە گرنگترین کۆڕە ئەکادیمییەکان لە بواری تەلارسازی و دیزاینی ناوەوە، لە ڕۆژانی ٢٨–٢٩ی نیسانی ٢٠٢٦ بەڕێوەچوو و تیشکی خستە سەر پێشخستنی زانستی و نوێگەری لە بوارەکانی تەلارسازی، دیزاینی ناوخۆ، و گەشەپێدانی شارستانیی بەردەوام.

**ڕێکخستن و بەشداریکردن**

کۆنفرانسەکە بە هاوبەشی نێوان زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک و زانکۆی کۆیە ڕێکخرابوو و بوو بە سەکۆیەکی ئەکادیمیی نێودەوڵەتی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون. نووسەر و توێژەران لە شەش وڵات، بریتی لە عێراق، هەنگاریا، ئەمریکا، کەنەدا، پورتوگال و قوبرس، بەشدارییان تێدا کرد.

**وتاربێژانی سەرەکی**

کۆنفرانسەکە میوانداری ژمارەیەک لە پسپۆڕ و ئەکادیمیی ناسراو بوو کە تێڕوانین و ئەزموونە زانستییەکانیان پێشکەش کرد:

1. پ. د. وەحدە شوکر الحینکاوی – پرۆفیسۆری تەلارسازی و دیزاینی شار لە زانکۆی تەکنەلۆژیا، عێراق .
2. د. لێچ سووالە – پرۆفیسۆری تەلارسازی و دیزاینی شار لە زانکۆی تەکنیکی بەرلین (TU Berlin)، ئەڵمانیا .
3. پ. د. دارا الیاقوبی – ڕاوێژکاری باڵای تەلارسازی و پسپۆڕی پاراستنی میرات .
4. پ. ی. د. فەرەح زیاد الأترش – بەڕێوەبەری سەنتەری بەشی سەلامەتی ڕێگاوبان لە زانکۆی ئوردن .

**توێژینەوە و ناوەڕۆکی زانستی**

لە کۆی ٣٩ دەستنووسی پێشکەشکراو، ٢٧ توێژینەوە دوای پرۆسەی پێداچوونەوەی هاوتا (Peer Review)بۆ پێشکەش و بڵاوکردنەوە وەرگیران. باس و گفتوگۆکان لە چوار تەوەری سەرەکی دەور دەدا:

- لێکۆڵینەوە و پاراستنی میراتی تەلارسازی
- تەکنەلۆژیای نوێ و بیناسازی
- نیشتەجێبوون و گەشەپێدانی شارەکان
- بەردەوامی و پاراستنی ژینگە

بەرنامەکە هەروەها پێشکەشکردنی زارەکی، پۆستەری زانستی، وۆرکشۆپ، و دانیشتنی تەکنیکی لەخۆگرتبوو.

**کاریگەری و ئامانجەکانی داهاتوو**

ئامانجی سەرەکیی کۆنفرانسەکە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان توێژینەوەی ئەکادیمی و پراکتیکی پیشەیی بوو، لە ڕێگەی بەهێزکردنی گفتوگۆ و هاوکاری نێوان زانکۆکان و پسپۆڕاندا. کۆنفرانسەکە هەروەها هەلی دروستکرد بۆ دامەزراندنی هاوبەشییە نوێی توێژینەوە و پەرەپێدانی تۆڕی زانستی نێودەوڵەتی.

**سپۆنسەرشیپ**

ئەم چالاکییە زانستییە لەلایەن کۆمپانیای NIM Automotive Trading (KIA) سپۆنسەر کرابوو، کە بەشداریی لە پشتگیری و سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەدا هەبوو.